حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی پەروەردە-لیژنەی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان
تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (دوازدەهەمی وێژەیی)

بەناوی خودای گەورە    بابەت:ئابووری / کات: (3) کاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
خولی دووەم    2023 - 2024

پەنجەمۆر
A

student12.com

وەڵامی راست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

1. لە پلانی ئابووریدا پێویستە توانا بەرجەستەکراوەکان و ئەو کۆسپانەی کە دەبنە رێگر لە بەردەم جێبەجێکردنی پلانەکەدا لە بەرچاو بگیرێن:
A) نامەرکەزیەتی جێبەجێکردن    B) بەردەوامیەتی    C) ریالیزمی    D) سەرتاسەری

2. ناچونیەکی لە توانا مرۆییەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی:
A) هاوسەنگی تەرازووی پارەدان    B) لاسەنگی تەرازووی پارەدان    C) کورت هێنانی نەختینەیی    D) پسپۆربوونی نێودەوڵەتی

3. بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت لە دیاریکردنی ئاستی داهاتی نەتەوەیی و توانی پەرەسەندنی:
A) برو جۆری دەرامەتە ئابوورییەکان    B) سەقامگیری رامیاری
C) رامیاری ئابووری    D) ئاستی خستنەگەڕی بنەماکانی بەرهەمهێنان

4. خۆی لە بەخشینی برێك پارەدا دەبینێتەوە جا لەسەر بنەمای بەها یان لەسەر بنەمای جۆر دیاری دەکرێت:
A) ئاسانکاری و دڵنیکردنەوە    B) کۆمەك کردنی راستەوخۆ    C) کۆمەك کردنی ناڕاستەوخۆ    D) سیستەمی بەشکاری

5. کۆکردنەوەی دەسهاتە گشتییەکان و خەرجکردنی وەك چۆن لە بودجەی گشتی پەسەند کراوە ئەنجام دەدرێت لە قۆناغی:
A) هەڵسەنگاندن و پەسەندکردن    B) ئامادەکردن و خۆسازدان    C) جێبەجێکردن    D) چاودێری و پێداچوونەوە

6. هەندێك دەسهات هەیە پێویستە لە داهاتی نەتەوەدا حیساب نەکرێن چونکە لە راستییەکەی زیاتر دەردەکەوێت وەك :
A) موچە    B) بەخشینەکان و دیارییەکان    C) قازانج    D) کرێ خانوو

7. پێویستە پلاندانەر ئەو رێسایە لەبەر چاو بگرێت جا چ بۆ خەرجی شمەك و کارگوزاری گشتی یان بۆ کۆمەك یان بۆ وەبەرهێنانی گشتی بێت:
A) کەڵکی تێچوون    B) رێگە پێدان    C) ئابوورییانە لەخەرجکردن    D) (A و B) راستن

8. لە بازرگانی دەرەکی لە کۆمەڵەی نێردراوی نەبینراو دادەنرێت:
A) جل و بەرگ    B) گواستنەوە    C) خواردەمەنی    D) (A و C) راستن

9. ئەگەر ناوەرۆکی زێرینی بۆ دینارێکی عێراقی= 2/50 گرام لە زێرو ناوەرۆکی زێرین بۆ دۆلارێکی ئەمریکی = 5 گرام لە زێر، مانای وایە ئەو برە زێرەی لە ئەمەریکا دەتوانین بە دۆلارێك بیکڕین لە عێراق بیفرۆشینەوە بە :
A) یەك دینار    B) یەك دینارو نیو    C) دوو دینار    D) دوو دینارو نیو

10. کورتهێنانی تەرازووی پارەدان چارەسەردەکرێ لە رێگەی دەستێوەردانی دەوڵەتەوە بە :
A) پێدانی قەرز بە وەبەرهێنەکان    B) هاندانی نێراوە بینراو و نە بینراوەکان
C) نەهێشتنی بێکاری    D) هەموارکردنەوەی نرخی ناوخۆیی و بیانی

11. پاڵ بە بەرهەمهێنەکانەوە دەنێت بۆ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانیان و لەکارخستنی بەشێك لە وزەی بەرهەمداریان، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی بەکارخستن و داهاتە دابەشکراوەکان:
A) داکشانەوە    B) هەڵاوسان    C) باج    D) دیاردە سروشتییەکان

12. لە ستراتیژییەکانی پلاندانانە کە دوای تەواوبوونی دەسپێکی پلانەکە ئیتر دەستەی ناوەندی پلاندانان پلانەکە دەخاتە بەردەم ئاستی وەزارەتەکان، بە مەبەستی پێشاندانی تێبینییەکان بەشێوەی نووسراو :
A) دارشتنی ئامانج    B) شیکردنەوەی چوارچێوەی دەسپێکی پلان    C) گفتوگۆکردنی پلان    D) قۆناغی جێبەجێکردنی پلان

13. کارکردن بۆ هاندانی پاشەکەوت و وەبەرهێنان بەرەو ئەو بوارانەی کە لە خزمەتی بەرهەمهێنانە  پێویستییەکاندایە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ، یەکێکە لە ئامانجەکانی :

A) ڕامیاری بازرگانی　B) ڕامیاری نرخ　C) ڕامیاری دارایی　D) ڕامیاری نەختینەیی

14. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیادکردنی توانای شتکڕینی کەسەکان :

A) کەمکردنەوەی خەرجی میری　B) زیادکردنی باجەکان　C) بەرزکردنی نرخی سوو　D) کەمکردنەوەی باجەکان

15. لە کاتی دیاریکردنی ئامرازو کار ڕا پەراندنەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، پێویستە ڕەچاوی هەلومەرجی ناوخۆ بکرێت کە ڕێگر دەبێت لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەدا، یەکێکە لە :

A) ئامانجەکانی ڕامیاری کشتوکاڵ　B) پێداویستییەکانی ڕامیاری کشتوکاڵ

C) ئامانجەکانی ڕامیاری نرخ　D) پێداویستییەکانی ڕامیاری نرخ

16. هەموو ئەو مامەڵە نێو دەوڵەتی یانەی تێدا تۆمار دەکرێت کە پەیوەندیان هەیە بە موڵکایەتی و قەرزەکانەوە :

A) تەرازووی بازرگانی　B) حسابی زێڕی نەختینەیی　C) حسابی بەگەڕ　D) حسابی سەرمایە

17. پێویستە کاربکات بۆ کەمکردنەوەی بەکاربردن و پێکهێنانی پاشەکەوت و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت و پاراستنی پیشەسازی نیشتمانی:

A) کاریگەری ئابووری پارەی تازە دەرکراو　B) ڕۆڵی باج لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان

C) کاریگەری ( شوێنەواری ) ئابووری قەرزی گشتی　D) ڕۆڵی خەرجی گشتی لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان

18. بریتییە لە دانانی نرخ لە لایەن دەسەڵاتدارە بەرپرسەکانەوە و بارێکی کاتییە :

A) هەڵاوسانی سەرکێش　B) هەڵاوسانی کپکراو　C) هەڵاوسانی خواست　D) هەڵاوسانی بەخێرایی زیادبوو

19. نزمی دابینکردنی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی بۆ دام و دەزگا پیشەسازییەکان، یەکێکە لە کاریگەرییەکانی :

A) دواکەوتوویی ئامرازو ڕێگاکانی بەرهەمهێنان　B) گەشەکردنی دانیشتوان

C) دواکەوتوویی پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی　D) پاشکویەتی ئابووری

20. وەك یەکێك لە چارەسەرەکانی هەڵاوسان بانکە بازرگانیەکان پابەند دەبن بەبەرزترین ئاست لەکام یەك لەم ئامرازنە کە بانکی ناوەندی دیاری دەکات:

A) بەکاربردن　B) نرخی سوو　C) کەمکردنەوەی خەرجی میری　D) زیادکردنی باجەکان

21. سەرچاوەیەك نییە لە سەرچاوەکانی دەسهاتی گشتی دەولەت :

A) قەرز　B) باج　C) بودجە　D) ڕەسم

22. ئامانجێکی ئاشکرای ڕامیاری بازرگانییە لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا، چونکە بەشێوەیەك دەڕوانێتە بێکاری کە پەتایەکی ڕامیاری ترسناکە :

A) خستنە گەڕی تەواوەتی　B) هێنانەدی پەرەپێدانی ئابووری　C) هاوسەنگی لە تەرازووی پارەدان　D) خۆشگوزەرانی ئابووری

23. هاوردنی نەختینەیی لە بازرگانی دەرەکیدا هاوبەشی ناکات لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری لە زۆربەی ئابووری:

A) وڵاتانی پیشەسازی　B) وڵاتانی پێشکەوتوو　C) وڵاتانی دواکەوتوو لە ئابووری　D) ( A و C ) ڕاستن

24. لە کاتی قەیرانی نەوت وڵاتانی ئەوروپی تووشی هەڵاوسانی تێچوون بوون لە ساڵی :

A) 1970　B) 1972　C) 1973　D) 1974

25. بۆ ئەوەی ووڵاتە تازە پێگەیشتووەکان سوود لە پارەی تازە دەرکراو وەربگرن بۆ پارەدارکردنی گەشە پێدانی ئابووری دەبێت چەند مەرجێك هەبێت، یەکێك لەو مەرجانە بریتی یە لە :

A) بە بڕی گەورە بخرێتە بازارەوە　B) بۆ وەبەرهێنان تەرخان بکرێت

C) ڕاستەوخۆ بخرێتە بازارەوە　D) بدرێتە بانکی بازرگانی

26. لەو دەوڵەتانەی لە ڕووی ئابووریەوە پێشکەوتوون دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەری هەڵداو بووە دیاردەکی جیهانی:

A) بێکاری شاراوە　B) بێکاری بەردەوام　C) بێکاری خۆویست　D) بێکاری خۆنەویست

27. دابینکردنی پێداویستییەکان بخرێنە سروشتی ڕۆڵی دەوڵەت و کەڵکی کۆمەڵەکییان هەبێ، دوو بنەمای پێکەوە گرێدراون بۆ ئەوەی پێداویستییەکان سیفەتی گشتگیری پێ بدرێ، بە پێی پێوەری:

A) گەورەترین کەڵك وسوود بە کەمترین تێچوون B) سەرچاوەی هەستکردن بە پێداویستییەکان

C) سروشتی پێداویستییەکەو ئەو لایەنەی هەڵدەستێ بە پڕکردنەوەی D) ڕۆڵی کۆنی دەوڵەت

28. ئەو ڕێگایانەی باجدەر دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی باج نەدات ئەگەر ناڕەوابوون پێی دەوترێ :

A) ڕاکردن لە باج B) دان پێنانی باج C) خۆلادان لە باج D) ( B و C ) ڕاستن

29. پارە بەکار دەهێنرێت وەك یەکەیەکی پێوانەکردن تا بەهای شمەك و کارگوزارییەکان دیاری بکات کە بەرهەمی نەتەوەیی پێك دەهێنێت،بەهوی: A) جێگیری بەهای پارە B) نا جێگیری بەهای پارە

C) کەمی برو چۆنیەکی شمەکە بەرهەمهێنراوەکان D) زۆری برو ناچۆنیەکی شمەکە بەرهەمهێنراوەکان

30. تاك سەرەتا دەسهاتەکەی مەزندە دەکات ئینجا لە سنووری ئەو دەسهاتەوە خەرجییەکانی دەکات، جیاوازی نێوان دارایی گشتی و دارایی تایبەتییە لە باری:

(A) ڕێکخستنەوە B) شێوازەوە C) خاوەندارێتییەوە D) ئاما نجەوە

31. زانیاری گرنگ و پێویست دەداتە بڕیار بەدەستانی ڕامیاری دارایی کە پەیوەستە بە داهاتی نەتەوەیی خەملێندراو و چۆنیەتی دابەشکردنی:

A) زانستی یاسا B) زانستی ئامار C) زانستی ئابووری D) زانستی دارایی گشتی

32. بە هۆی ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندییان بە سیستەمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە گەلانی ئەم ناوچە جوگرافییەی جیهان هەیانە، پەرەپێدان هەر لە خۆوە گونجاوە بۆ ئابووری : A) وڵاتانی ئەمریکای لاتینی B) وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا

C) وڵاتە دواکەوتووەکان D) وڵاتە پێشکەوتووەکان

33. پاش قۆناغی یەکەم و دووەمی بارگۆڕانی ئابووری، ئابووری نەتەوە دەست دەکات بە بوژانەوە بە هۆی :

A) ڕامیارییە ئابوورییە گونجاوەکان B) نزمبوونی نرخی دراوی بیانی

C) بەرزبوونەوەی نرخی دراوی نیشتمانی D) زیادبوونی نێردراوەکان

34. چاودێرییە لەسەر خەرجی و دەسهاتی گشتی (باج و ڕەسم) تا دڵنیابین لەوەی کە لایەنی بەڕێوەبردن کارەکانی بە باشی بەڕێوە بردووە ئەوەی بەدەستهێناوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بووە:

A) چاودێری پێشوەختە B) چاودێری هاوچەرخانە C) چاودێری کارگێری D) چاودێری یاسادانان

35. کاردابەشکردنی نێودەوڵەتی دەوڵەت ناچار دەکات کە پسپۆڕبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو شمەکەی کە هەلومەرجی سروشتی و ئادەمیزادییەکان یارمەتی دەدات، بە پێی :

A) بیردۆزی نوێ B) بیردۆزی تێچوونە ڕێژەییەکان C) بیردۆزی تێچوونە ڕەهاکان D) قوتا بخانەی کلاسیکی

36. بازرگانی دەرەکی سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ زۆربەی دانیشتوان جا لە ڕێگە چالاکی ڕاستەخۆ یاخود چالاکییە یارمەتی دەر و تەواوکراو بێت وەك: A) گواستنەوە B) داگرتن C) هەڵگرتن D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

37. جیاوازییە لە نێوان بەهای بەرهەمی هەمووکی بۆ یەکەیەکی بەرهەمداری و بەهای پێویستییەکانی بەرهەمهێنان:

A) پوختەی بەرهەمی نەتەوە B) خەرجکردن C) بەهای زێدەدانراو D) بەهای بەکارهێنانی سەرمایە

38. نرخی دراو گۆڕینەوە دیاری دەکات بەرامبەر بە دراوەکانی تر بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی دەسەڵاتە نەختینەییەکان لە دەوڵەتدا :

A) سیستەمی چاودێریکردنی گۆڕینەوەی دراو B) نرخی دراو گۆڕینەوەی گۆڕاو (نەرم)

C) نرخی دراو گۆڕینەوەی جێگیر D) تەعویمی نا پاك

39. لە ئەركە سەرەكییەكانی بازاڕی دراو گۆڕینەوە نییە :

A) گۆڕینەوەی یەكێك لە دراوە نیشتمانییەكان بە دراوێكی دیكە
B) دڵنیاكردنەوە
C) كرداری پارەداركردنی پەرەسەندن
D) كرداری هاوسەنگ كردن

40. یەكێكە لە پێگەكانی بودجەی گشتی :

A) كەڵكی تێچوون
B) گونجاندن
C) ویست
D) خەملاندن

41. كام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە :

A) كەرتی كەسەكان هەڵدەستن بە كڕین و بەكاربردنی شمەك و كارگوزارییە بەرهەمهێنراوەكان.
B) پوختەی مامەڵەی دەرەكی= نێراو + هێنراو.
C) بە پێی بۆچوونی یەكەم بارگۆڕانی ئابووری بە هۆی فراوانی وەبەرهێنانەوە دروست دەبێت.
D) باج بە پێی جۆر ،ئەو باجەیە كە دەبێتە هۆی ئەوەی كە نرخ بە نیمچە جێگیر بمێنێتەوە.

42. سەرجەمی ئەو شمەك و كارگوزارییانەیە كە خاوەن بنەماكانی بەرهەمهێنان بە داهاتە نەختینەییەكانیان دەستیان دەكەوێت:

A) داهاتی ڕەخساو
B) داهاتی ڕاستەقینە
C) داهاتی نەختینەیی
D) داهاتی نەتەوەیی

43. پارمەتی بەكارهێنانی ڕێگا و ئامرازە نوێیەكان و ئابوورییەكان دەدات بۆ ڕا پەراندنی پرۆژە سوود بەخشەكانی پەرە پێدان:

A) كەڵەكەكردنی سەرمایە
B) پیشەسازی
C) وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆڤی
D) پێشكەوتنی تەكنەلۆژی

44. ( گواستنەوە و كارەبا و گاز و بانكەكان )نموونەن بۆ كام جۆر لە جۆرەكانی دەسهاتی موڵكەكانی دەوڵەت :

A) دەسهاتی دەوڵەت لە سامانی خانوبەرە
B) دەسهاتی دەوڵەت لە دەرامەتە سروشتییەكان
C) دەسهاتی دەوڵەت لە دەرامەتە داراییەكان
D) دەسهاتی دەوڵەت لە پرۆژە پیشەسازی و بازرگانییەكان

45. بیردۆزی شۆمپیتەر پشت بە كۆمەڵە ئەگەرێك دەبەستێت بۆ پەرە پێدانی ئابووری، وەك:

A) هێنانەناوەوەی جۆری تازەی شمەك
B) ڕەخساندنی قۆرخكاری
C) باری بەكارخستنی تەواوەتی
D) هێنانەناوەوەی شێوازی تازە بۆ بەرهەمهێنان

46. بە پێی بیرو بۆچونەكانی ( ریكاردۆ )كام لەم كەرتە ئابوورییانە دەچێتە ژێر باری یاسای سوود داكشان كە كار دەكاتە سەر ڕێژەی بەرهەم و سوود:

A) كەرتی كشتوكاڵی
B) كەرتی پیشەسازی
C) كەرتی بازرگانی
D) كەرتی خزمەت گوزاری

47. دەوڵەت قەرزی ماوە كورت دەكات بۆ مەبەستی :

A) چارەسەر كردنی كورتهێنانی دارایی
B) پارەداركردنی پرۆژەكانی نۆژەنكردنەوە
C) پارەداركردنی خەرجی جەنگ
D) دامەزراندنی پرۆژەكانی بەرهەمهێنان

48. موڵكی دەوڵەت لە ............ بە كۆنترین موڵكی گشتی دادەنرێت:

A) باج
B) ڕەسم
C) دەرامەتە داراییەكان
D) زەوی

49. كاتێك سیستەمی بازاڕ ناتوانێت هەندێك لە شمەكەكان دابین بكات ئەوا دەوڵەت هەڵدەستێت بە دابینكردنی ئەو شمەكانە كە پێیان دەگوترێت شمەكە گشتییەكان، بە پێی ئەركی:

A) سەقامگیركردن
B) دابەشكردن
C) تەرخانكردن
D) پەرەسەندن

50. گواستنەوە و بیمەكردن و عەمباركردن لە پێكهێنەرەكانی:

A) كەرتی وەبەرهێنانە
B) كەرتی شمەك ئامێزە
C) كەرتی كارگوزارییە
D) كەرتی دابەشكردنە

مامۆستا ... خونی دووەم